خەسرۆ کەمال سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ (گوڵان):

# ئاوەڕۆی سلێمانی دەڕژێتە ناو چەمی تانجەڕۆ و مەترسی لەسەر تەندروستی و ژینگە هەیە



کاتێك باس لە شارو خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتیان دەکرێت؛ راستەوخۆ باسی شارەوانی دەکرێت، تەنانەت زۆربەی گرفتە خزمەتگوزارییەکانی بوارە جیاجیاکانی (زبڵوخاشاك و جوانکاری و پردو ئاوو ئاوەڕۆو رێکخستنی کۆڵان و شەقامەکان..) هەر هەمووی دەگەڕێنەوە شارەوانی. لەدیمانەیەکی گۆڤاری گوڵان خەسرۆ کەمال سەرۆکی شارەوانی سلێمانی جەختی لەسەر پێداویستی فراوانکردنی دەسەڵاتەکان و گۆڕانکاری لەو یاسایانە کردەوە کە کاری پێ دەکەن، کە بۆ خێراکردنی گەیاندنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هاووڵاتییان بایەخی تایبەتی هەیە، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئەوەشی راگەیاند کە زێدەڕۆیی تا ئێستا ماوە، سەبارەت بەئاوەڕۆکانیش ئاماژەی بەو مەترسییە کرد کە لە ئاکامی درێژبوونەوەی ئاوەڕۆکانی سلێمانی بۆ ناو چەمی تانجەڕۆ دروست بووە. ئەمەو سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەراشکاوانە وەڵامی چەندین پرسیاری دیکەی داینەوە، کە تایبەت بوو بە پڕۆژەکانی شارەوانی و بەرنامەو کاری داهاتوویان. لێرەدا پوختەی وەڵامەکان بڵاو دەکەینەوە.



● لە سلێمانی زێدەڕۆیی و سەرپێچی هەیە و بەو یاسا کۆنانە ناتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە






● پێویستە تەرخانکردنی زەوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بێت نەک بۆ پاداشت







## فراوانبوونی سلێمانی و پلان بۆ دامەزراندنی شارەوانی دیکە

سەرەتا سەبارەت بەو فراوانبوونەی شاری سلێمانی بەخۆیەوە بینیویەتی و ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر شارەوانیەکاندا دێت سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی: ماستەرپلانی شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٠ پەسەندکردنێکی سەرەتایی بۆ کرا و لەسەرەتای ئەمساڵ ماستەرپلانەکە لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارەوە پەسندکردنی کۆتایی بۆ ئەنجام درا، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردنی و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامە فەرمیەکاندا چەند گۆڕانکاری و سەرنج و پێشنیارێکی لە لایەنە پێوەندارەکانەوە تێدا رەچاو کرا، ئێستا ماستەرپلانی سلێمانی لەسەر ڕووبەری ٤٧٢کیلۆمەتر و تا ساڵی ٢٠٣٢ە، کە شوێنی خزمەتگوزاری و نیشتەجێبوونی تێدا دیاری کراوە، بەپێی ماستەرپلانەکەش شاری سلێمانی بە دوو ئاڕاستەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا فراوان دەکرێت، بەپێی ماستەرپلانەکەش هەردوو شارەوانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و ٧٥ گوند دەکەونە سنووری شارەوانی شاری سلێمانییەوەو، بەمشێوەیە شاری سلێمانی چوار بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی رۆژهەڵات و رۆژئاواو ڕاپەڕین و بەکرەجۆی هەیە و لەپلانیشماندایە لەپێناو کار ئاسانی هاووڵاتیان شارەوانی باکورو باشووریش دابمەزرێنین، بەڵام لەبەر کەموکوڕی و نەبوونی کارمەند و ئەندازیار ساڵی ئایندەش ناتوانین ئەو پلانە جێبەجێ بکەین، لەلایەکی دیکە لەبەر ئەوەی گەڕەك و پێکهاتەی تاسلوجە تێکەڵ بە شاری سلێمانی نەبووە، بۆیە شارەوانی تاسلوجە بە سەربەخۆیی ماوە تا ئەو کاتەی خانوو گەڕەکەکانی تێکەڵ دەبێت، هەندێ لە گوندە گەورەکان کە ژمارەیان ١٢ گوندە وەکو قرگە و کانی سورەو قولەڕیسە و . . . تا، کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانی شاری سلێمانی نەخشەیان بۆ دەرچووەو گرنگیان پێدراوە و ئێستاکە لەم شوێنانەدا لە پڕۆسەی کوژاندنەوەو ئیفرازکردنی زەوییەکان و قەرەبووی هاووڵاتیانین، هاوکات بەپێی ماستەرپلان و پێویستی شارەکە شوێنی پیشەوەران و پیشەسازی و کۆگای بوارە جیاجیاکان دەست نیشان کراون.

### گرفتی زبڵوخاشاك و پیسبوونی ژینگە

خاوێنکردنەوەی شار لەزبڵوخاشاك لە شاری سلێمانی لەلایەن سێ کۆمپانیای کەرتی تایبەت و بەشی خزمەتگوزاری لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لێرەو لەوێ هێشتا کەموکوڕی و گرفتی نەبوونی کارگەی ریسایکلینیش هەر ماوە؛ لەمبارەیەوە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی پێی وابوو پاککردنەوەی سنووری شارەوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری وەکو ناوچەی سیتەك و مێرگەپان و رێگای قەراخ و دەروازەکانی شار بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچێت هەر چەندە لە کەموکوڕی بەدەرنییە، بەڵام بۆ هەر هەڵەو کەمتەرخەمی و سەرپێچیەك لە کۆمپانیاکان سزا و لێپێچینەوە هەیە و ئەگەر ئەو سێ کۆمپانیایەی کەرتی تایبەت نەبوایە ئەوە ئێمە وەکو شارەوانی لەبەر کەمی کرێکارو ئامێرو پێداویستی کارەکە نەمان دەتوانی بەپێی پێویست بە پاککردنەوەی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری هەستین. لەلایەکی ترەوە تا ئێستا نەتوانراوە کارگەی ریسایکلین دابمەزرێت، لە کاتێکدا رۆژ لە دوای رۆژ رێژەی زبڵوخاشاك لە ناو سەنتەری شارو گەڕەك و دەوروبەری شاری سلێمانی زیاد دەکات، ئەو کۆمپانیانەی لەمبوارەدا دەیانەوێت کارەکە لە ئەستۆ بگرن لە ئاست مەرج و رێنماییەکانی ئێمەدا نەبوون، هەر بۆیە خۆمان لە شارەوانی تەندەرمان بۆ دانانی کارگەی ڕیسایکلین ئامادەکردووەو بەمنزیکانە ڕایدەگەیەنین و بەکێبڕکی بە بەڵێندەر یا بە کۆمپانیای کەرتی تایبەتی دەدەین، کە بەرامبەر هەر تەنێك پارەیان پێ دەدەین و ئەمەش لە ساڵی ٢٠١٣ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### زێدەڕۆیی لە سلێمانی و دەوروبەری

سەبارەت بە هەبوونی زێدەڕۆیی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی سەرۆکی شارەوانی شاری سلێمانی گوتی: زێدەڕۆیی پێشتر هەبووەو ئێستا بەردەوامە، بەڕادەیەك کاتێك رۆژانە دێمە دەوام ئەوە یەکەم پەیوەندی و تەلەفۆنم لەگەڵ بەشی زێدەڕۆییە، راستە لە جێبەجێکردنی یاساو لێپێچینەوە بەرامبەر بەو کەسانەی سەرپێچی و زێدەڕۆیی دەکەن جیاوازی ناکەین، تەنانەت گەر بێتوو ئەو زیدەڕۆییە هەر کەس و لایەنێك لە پشتی بێت، بەڵام کێشەی زێدەڕۆیی بە یاسا چارەسەر دەکرێت، ئەو یاساو ڕێنمایانەی لەمبارەشەوە کاری پێ دەکەین کۆنە و پێویستی بە گۆڕانکاری و هەموار کردنەوە هەیە، یەکێك لەو برگانەی کە دەبێت بگۆڕدرێت ئەوەیە کە ئەو کات و ماوەیەی دادەنرێت بۆ ئەو کەسەی زێدەڕۆییەکەی نەهێڵێت زۆرەو پێویستە ماوەکە دوو ڕۆژ یا لە ٢٤کاتژمێر زیاتر نەبێت، تاوەکو خاوەنی زێدەڕۆییەکە نەتوانێت خانووەکە یا کارەکە تەواو بکات. ئێستا بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی بەزێدەڕۆیی هەڵدەستن پڕۆژە یاسایەك لە بەردەمی پەرلەمانی کوردستانە.

### دابەشکردنی زەوی بەسەر چین و توێژەکان دا

سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیان و چۆنیەتی پێدانی زەوی بەو خەڵکەی کە فەرمانی وەرگرتنی زەوییان بۆ دەرچووە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی تەئکیدی لەوە کردەوە کە دابەشکردنی زەوی بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٦/٦/٨ ڕاوەستاوە، لەو کاتەوە لە سەرۆکایەتی شاری سلێمانی بە هیچ شێوەیەك زەویمان دابەش نەکردووە، تەنیا ئەو زەویانە نەبێت کە پێش ئەم بڕیارە رەزامەندی هەبووە، لە لایەکی دیکەوە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئاماژەی بەگرفتی کوژانەوەی زەوی کردوو لەمبارەیەوە گوتی : وەکو هەموو لایەك دەزانین تۆبۆگرافیای شاری سلێمانی بە شێوەیەکە زۆر بە ئاسانی رووبەری زەوی دەست ناکەوێت و پڕۆسەی کوژاندنەوەی زەویش زۆر ئاسان نییە، هەر بۆیە کار دەکەین تا لە ساڵی داهاتوودا ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، گەرچی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پێدانی پارچە زەوی بکرێتە پاداشت و تەقدیر بۆ هەر کەس و توێژێك بێت، بەڵکو تەنیا بۆ ئەو کەسانە بێت کە کێشەی نیشتەجێبوونیان هەبێت.

### یەکەی نیشتەجێبوون و پلانی حکومەت

سەبارەت بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی و ئاسۆیی بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی: هەردوو جۆری یەکەی نیشتەجێبوونی ئاسۆیی و ستوونی پێویستن، ئەوەی ئاسۆییە لەبەر ئەوەی هاووڵاتیان زیاتر لە ڕووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بە پەسەندی دەزانن، لە ستوونیشدا چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون باشتر دەکات و ڕووبەری زەوی زیاتر سوودی لێ وەردەگیرێت و خەڵکانێکی زیاتریش سوودمەند دەبن، سیاسەتی حکومەتی هەرێمیش ئێستاکە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون زیاتر جەختی لەسەر یەکەی ستوونی کردۆتەوە و ئێستا لە ڕێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و دەستەی وەبەرهێنانەوە یەکەی نیشتەجێبوونی ستوونی دروست دەکرێت بە مەرج و ڕێنمایی تازەو گونجاو .

### ئاوەڕۆی شاری سلێمانی

پیسبوونی چەم و رووبارو تەنانەت ئاوی بەنداوەکان کە بەهۆی تێکەڵ بوونی ئاوی پیس و ئاوەڕۆ دروست بووە بە یەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە مەترسی بۆ سەر ژینگەو بواری تەندروستی هەیە لەم رووەوە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بەراشکاوانە پێی وابوو گەرچی شاری سلێمانی لەگەڵ دروستبوونی ئاوەڕۆی بۆ دروست کراوەو لەگەڵ

دروستبوونی گەڕەکە تازەکانیش ئاوەڕۆی شارەکە بە ئاڕاستەی پێویست درێژکراوەتەوە، هەروەها لە هەر شوێنێك ئاوەڕۆی نەبێت و پێویست بێت ئەوە کارو بەرنامەمان بۆی هەیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە پرۆژەی ئاوەڕۆی دیکەمان پێویست نییە، چونکە شار بە بەردەوامی لە بەرفرەوانبوون دایە و پێویستی بە پرۆژەی ئاوەڕۆیە، بەڵام کێشەی سەرەکی لەمبارەوە ئەوەیە کە ئاوەڕۆی شاری سلێمانی درێژ دەبێتەوەو لەکۆتاییدا دەچێتە ناو چەمی تانجەرۆ و لەپاشان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو ئاوی بەنداوی دەربەندیخان، بۆیە پێویستە حکومەت بە پەلە پێش ئەوەی ئاوی ئاوەڕۆیەکە بچێتە چەمی تانجەرۆوە وێستگەیەکی پاڵاوگە دابمەزرێنن، هەر چەندە ئەو پرۆژەیە لە پلاندایە بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی و پارێزگای سلێمانی و ئومێد دەخوازین بە زووترین کات ئەو پرۆژەیە لەساڵی تازەی٢٠١٣ بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**شۆستەو قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان**

سەبارەت قیرتاوکردنی کۆڵان و گەڕەکەکان سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی: لەگەڵ فراوانبوونی شاری سلێمانی و دروستبوونی گەڕەکە نوێیەکان داواکاری هاووڵاتیان بۆ قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکان زیادیکردووە لە بەرنامەی شارەوانی دایە بە سێ ڕێگا کۆڵان و شەقامەکان قیرتاو یا چیمەنتۆ بکەین، ئەویش لە ڕێگای (شارەوانی بە کاری راستەوخۆ – تەندەرو بەڵێندەر- لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا)، خۆشبەختانەش لە شارەوانی خاوەنی ئەزموونی باشین و ئەندازیارو کارمەندی بەتوانامان هەیە و خاوەنی کارگەی قیری خۆشمانین، کە بەرهەمی ئەو کارگانەی خۆمان لە پرۆژەکان بەکار دەهێنین .

**دەسەڵاتەکانی شارەوانی و چارەسەرکردنی کێشەکان**

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی شارەوانی و ئەو یاسایانەی لەمبوارەدا کاری پێ دەکرێت سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی: دەسەڵاتمان تا ڕادەیەك باشەو کاریگەری لە سەر کارو ئیشەکانمان هەیە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بەڕێز وەزیری شارەوانی داوامان کردووە و ئەویش بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی بە ئێمەی داوە، بەڵام هەندێ دەسەڵات هەیە کە لە سەرووی دەسەڵاتی وەزیری شارەوانی دایە، تا دەسەڵاتی وەزیر زیاد نەکرێت ئەویش ناتوانێت ئەو دەسەڵاتانە بۆ ئێمە زیاد بکات. بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی یاسادایە و لەکاتێکدا ئەو یاسایانەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە هەموارکرا و گۆڕانکاریان تێدا ئەنجام درا و تێیدا دەسەڵاتی وەزیری پەیوەندیدار زیاد کرا، ئەوانیش دەتوانن دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوەی خۆیان دابەزێنن، ئێمەش دەتوانین کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بکەین. لە لایەکی دیکەوە کێشە و گرفتە پێوەندارەکانی هاووڵاتیان لە لای ئێمە چارەسەر دەکرێت، کەچی دەبێت بۆ زۆربەی کێشەکان لێژنەو لیژنەکاری لەلایەن فەرمانگە پێوەندارەکانی دیکەوە دابنرێت، بەمەش هەندێ کارو مامەڵە هەیە تا تەواو دەبێت بەلایەنی کەم ماوەی ٦مانگی دەوێت، لە کۆتایشدا هاووڵاتی بۆ وەڵام و چارەسەرەکەی هەر دەبێت لە سەرۆکایەتی شارەوانییەوە وەڵامەکە وەربگرێتەوە.

**بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی**

سەبارەت بەو گلەیی و رەخنانەی کە دەگیرێت لەسەر نزمی ئاستی پێشکەشکردنی هەندێك لەخزمەتگوزارییەکان سەرۆکی شارەوانی شاری سلێمانی ئەوەی روونکردەوە کە لە بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و پەرەپێدانی پارێزگاشەوە پێویستییان بە بڕی بودجەی زیاترە، تەنانەت لەم ڕووەوە گوتی:ئەو بودجەیی بۆ ئێمە تەرخان دەکرێت لە چاو ئەو ئەرك و کارو پرۆژانەی لەسەرمانە زۆر کەمە، بۆیە پێویستە بودجەکانمان بۆ زیاد بکرێت تاوەکو زیاتر بتوانین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین لە کاتێکدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش داواکاری خزمەتگوزارییەکانی خەڵك لە زیاد بوون دایە و سەرەڕای ئەوەش هەندێ کارو پرۆژەی گەورەو ستراتیژیش هەیە کە پێویستی بە بودجەی زۆرە، لەلایەکی دیکەوە بەشی راگەیاندن هەیە تا ئێستا بەپێی پێویست و تموحی خۆمان نەمانتوانیوە بۆ زیاتر کارکردن ئیشەکانیان بودجەی پێویستیان بۆ دابین بکەین.

**یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی کۆنە و پێویستی بە هەموارکردنە**

لە کۆتاییدا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی گوتی: یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانی و یاسای داهاتی شارەوانییەکان و تۆمار کردنی خانوو و بەرەو کەموکوڕی و کێشەی زۆریان تێدایەو یاسایەکی زۆر کۆنە و و ناتوانرێت بەپێی پێویست کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکات، لە کاتێکدا کە هاووڵاتیان بۆ مامەڵەو کارەکانیان دێنە شارەوانی کۆمەڵێك کارو ڕۆتینی زۆر دێتە پێشیان و ئەمەش ماوەو زەحمەتیەکی زۆر بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات، هەر بۆیە هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان زۆر پێویستن.

**یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە**

**کاری ئەو کۆمپانیانەی پاککردنەوە لەشاری سلێمانی دەکەن باشە. بەڵام بێ کەموکوڕیش نییە**

**لەبەر نەبوونی کارمەند و ئەندازیارو ستاف ناتوانین هەردوو شارەوانی باکورو باشووری دابمەزرێنین**

**بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان پێویستیمان بەبودجەی زیاتر هەیە**

**شارەوانی و داهاتی شارەوانییەکان و تۆمارکردنی خانووبەرە بە یاسایەکی زۆر کۆن بەڕێوەدەبرێت**

**شارەوانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و ٧٥ گوند دەکەوێتە سنووری شارەوانی شاری سلێمانییەوە**

**لەبەر کەمی بودجە نەمانتوانیوە لەبواری ڕاگەیاندن بەپێی پێویست و تموحی خۆمان کارو چالاکی ئەنجام بدەین**